# بەرپرسیاریەتییەکی پتەو دژی
# کۆڵۆنیالیزم

## ژان پۆل سارتەر و جەنگی ئەلجەزایر



لە فارسیبەوە: ڤیدا
قادری

ئان ماتیۆ

لە فارسییەوە: ڤیدا قادری

ئەگەرچی لە سەردەمی شەڕە داگیرکارییەکاندا و بەتایبەت پاش شۆڕشی توسەن کە دەستپێکەری شەڕی ئەلجەزایر بوو، ڕێککەوتنی میدیایی و سەرکوتکردنی پۆلیسی بە شێوەیەکی بەربڵاو لە فەرانسادا زاڵ بوو، بەڵام ڕووناکبیرانی بەناوبانگ، توانییان خۆیان لەو کەشەی بە سەر وڵاتدا زاڵ بوو، جیا بکەنەوە و لە تەنیشت تەڤگەرە سەربەخۆیی خوازییەکانەوە بوەستن. ژان پۆل سارتەر لەو کەسانە بوو کە ڕۆژنامەگەلێکی وەکوو ئێکسپرێس یان تومی مودێرن، سەرەڕای مەترسیی قەدەغە بوون، گوتارەکانیان چاپ و بڵاو دەکردەوە. بە ئاشکرابوونی ئەشکەنجە کە لە لایەن دەوڵەت و میدیا فەرمییەکانەوە ڕەت دەکرایەوە، ئەم نووسەرە بە تایبەت میکانیزمی سیستمی سەرکوتکاری کولونیالیزمی شیتەڵ کردەوە. بەرپرسیارییەتییەک کە تەنانەت ئەمڕۆیش لێوانلێوە لە وانەی گەورە.

لە نۆڤەمبەری 1954دا شەڕی ئەلجەزایر بە شۆڕشێک بە ناوی توسەنەوە Toussaint دەستی پێ کرد. ئەم جەنگە ببوە بابەتی سەرەکیی زۆرێک لەو میدیایانەی کە بەناوبانگترین نووسەرەکان نەک ڕووناکبیرە میدیاییە مامناوەندەکان، گوتاریان بۆ دەنووسی. هەر لەم کاتەدا بوو کە ژان پۆل سارتەر بە هەڵوێستنواندنی سیمبولێک لە قەبووڵکردنی بەرپرسیارییەتی ڕۆشنبیرانە، بە شێوازی تایبەت بە خۆی، هەموو هەوڵێکی خۆی خستە گەڕ بۆ ئاشتیی نێوان دوو گەلەکە. بەرپرسیارییەتی دەربڕینی ڕۆژنامەی «سەردەمی نوێ» Temps Modernes لە جەنگی ئەلجەزایردا بەر لە هەڵوێستوەرگرتنی ژان پۆل سارتەری بنیادنەر و سەرنووسەری گۆڤارەکە ڕووی دا. لە مانگی مەیی 1955دا ئەم گۆڤارە ژمارەیەکی تایبەتی سەبارەت بەم گفتوگۆیە و لە مانگی نۆڤەمبەردا گوتارێکی لە ژێر ناوی «ئەلجەزایر جیاوازە لەگەڵ فەرانسا»دا بڵاو کردەوە. ئەنجامەکە ڕوون و ئاشکرا بوو. بە درێژایی جەنگەکە چەند جارێک سەردەمی نوێ داخرا. چوار جار لە ئەلجەزایر و جارێکیش لە فەرانسا.

لە مارسی 1956دا، یەکەمین گوتاری سارتەر سەبارەت بەم بابەتە چاپ کرا. ئەو لە گوتارێکدا لە ژێر ناوی «کولونیالیزم سیستەمە»، دەقی گوتارەکەی خۆی کە لە گردبوونەوەیەکدا کە بە بۆنەی ئاشتی لە ئەلجەزایر، لە 27ی ژانویەی 1956، لە سالۆنی ڤاگرامی پاریس لە ژێر چەتری شاندی کرداری ڕووناکبیران دژی بەردەوامیی جەنگ لە ئەلجەزیرەدا خوێندبوویەوە، بڵاو کردەوە. ئەم گوتارە ڕێکارە سیاسی و ئابوورییەکانی کولونیالیزم لێک دەداتەوە و خەبات دژی ئەم «سیستم»ە ڕادەگەیێنێت.

سەرەڕای ئەمە، وشیاریی دژە کولونیالیزمیی سارتەر نە لەم بەروارەوە دەستی پێ کردوە و نە دەگەڕێتەوە بۆ قیامی توسەنی 1954ی ئەلجەزایر. ئەم ڕووناکبیرە، هەر لە چەند ساڵ بەر لەوە، پشتگیریی خۆی بۆ ئارمانجی نوێ دەستووری لە توونس و «سەربەخۆیی» لە مەغریب کە لە ساڵی 1948 لە کونگرێسەکەیدا بەشداریی کردبوو، دەر دەبڕی. لە ساڵی 1952دا لەگەڵ ڕۆژنامەی فەرهەت عەباس بە ناوی «کۆماری ئەلجەزایر» گفتوگۆیەکی کرد و لە پاییزی 1955دا، پشتگیریی خۆی بۆ شاندی کرداری ڕووناکبیران دژی بەردەوامی جەنگ لە ئەلجەزایر، دەر بڕی. فرانسیس جانسون Francis Jeanson، یەکێک لە یاریدەدەرانی سەردەمی نوێ کە لە دێسەمبەری 1955، لە گەڵ کولێتی هاوسەری، «ئەلجەزایری یاخی» بڵاو کردبووەوە، کاریگەریی هەبوو لە سەر گۆڕانی بیروڕای ئەم فەیلەسووفە.

ساتی ڕاستەقینەی قەبووڵکردنی بەرپرسیارییەتیی «کەسی» سارتەر لە 1956دا ڕووی دا. لە ژانویەدا، گی مولێ Guy Mollet کە سەرۆکی لقی فەرەنسیی نێونەتەوەیی کرێکاری

(SFIO) بوو، بوو بە سەرۆکوەزیران. ئەو پاش دوو مانگ، لەو مەجالە تایبەتەی دەستی کەوتبوو بۆ قووڵتر کردنەوەی شەڕەکە کەڵکی وەرگرت. کۆمۆنیستەکان بە پشتگیریکردن لەم ڕەوتە، کەلێنێکیان خستە نێوان پێوەندییەکانی خۆیان و سارتەرەوە و لە نۆڤەمبەردا، کاتێک حیزبی کۆمۆنیستی فەرانسا ڕازیبوونی خۆی لە داگیرکردنی هەنگاریا لە لایەن زرێپۆشەکانی سۆڤیەتەوە دەر بڕی، ئەم لێکدابڕانە کامڵ بوو. هەر بەو جۆرەی کە محەمەد حەربی لە ساڵی 1996، ڕووداوەکان بە دروستی دەگێڕێتەوە: «لەو ساتە بە دواوە، ئەو دەکەوێتە سەر ڕێبازێکی ڕەفتاری_ ئەخلاقی تایبەت و لەبەر پێوەندیی بەردەوام بابەتێکی مێژوویی تازەتری بۆ ڕوون دەبێتەوە کە لە پرۆلیتاریایش ڕادیکاڵترە: واتا داگیرکراوەکان. ئەمەیش بۆ ئارمانجی ئەلجەزایر زۆر بە سوود بوو.»

نووسینەکانی سارتەر کە لە نێوان مارسی 1956 و ئاپریلی 1962دا چاپ بوو، وەها هەیەجانێکی جەدەلی و ئازایەتییەکمان پیشان دەدات کە لەم سەردەمەی ئێمەدا بەسەختی دەبینرێت. ژیانی ئەم فەیلەسووفە لە مەترسیدا بوو، سازمانی ئەرتەشی نهێنی (OAS) دوو جار لە شوقەکەیدا کە لە کۆڵانی ناپلیۆن پۆناپارت بوو، مینیان چاند. ئەم هەوڵدانانە بۆ تیرۆرکردنی سارتەر هیچ لەو جموجووڵە ساختانە نەدەچوو کە هەنووکە بۆ بردنە سەرەوەی ئاستی فرۆشی بەرهەمێک یان هاندان بۆ گفتوگۆکردن لە سەر ئەو بەرهەمە لە لایەن میدیاکانەوە، دەکرێن.

لە 1957دا، نووسەر و چیرۆکنووسی توونسی، ئالبێر مێمی Albert Memmi کە پێشتر «ڕووخساری داگیرکەر»ی بڵاو کردبووەوە، «ڕووخساری داگیرکراو» چاپ دەکات و یەکەمین هەڵبژاردەکانی لە بڵاوکراوەکانی سەردەمی نوێ و ئێسپری Espritدا بڵاو دەبێتەوە. سارتەر لە ژمارەی ژوویە_ ئووتی سەردەمی نوێ و لە گوتارێکدا کە دواتر دەبێتە پێشەکیی ئەم بەرهەمە، بەرهەمەکە دەناسێنێت.



**نووسینەکانی سارتەر کە لە نێوان مارسی 1956 و ئاپریلی 1962دا چاپ بوو، وەها هەیەجانێکی جەدەلی و ئازایەتییەکمان پیشان دەدات کە لەم سەردەمەی ئێمەدا بەسەختی دەبینرێت**

لە نووسراوی سەرەوە، بابەتی توندوتیژی کە لە مانگی مارسی ساڵی پێشوو لە «کولونیالیزم سیستەمە»دا باسی لێوە کرابوو، پتر لێک دەدرێتەوە. سارتەر، هەروەها جەخت لە سەر ئەم خاڵە دەکاتەوە کە: «داگیرکارییەکان بە توندوتیژییەوە کراون؛ چەوساندنەوەی لە ڕادەبەدەر و سەرکوتکاری، وای کردوە توندوتیژییەکان بەردەوام بن و لە ئەنجامدا پێویست بکا لەو شوێنانەدا هێزی سەربازی حزووری هەبێت. کولونیالیزم ئەو مرۆڤانەی وا ناچار کراون ملکەچیان بن لە مافی

ئینسانی بێبەش دەکا و ئەوان بە زۆر لە هەژاری و نەزانی یان بە قەولی مارکس لە دۆخی «لە خوارووی مرۆڤ»دا بهێڵێتەوە. لە ڕاستییدا ڕەگەزپەرستی لە ڕێکخراوەکاندا، لە سروشتی ئاڵۆگۆڕکردن و وەبەرهێناندا ڕەگی داکوتاوە.»

هەر بەو جۆرەی محەمەد حەربی بە بیرمان دەخاتەوە، لە بەرانبەر دوانەی چەوساوە و چەوسێنەردا کە لە کۆمەڵە گوتارەکانی سارتەردا بەردەوام دووبارە دەبێتەوە، دوانەی داگیرکەر و داگیرکراویش بەردەوام بە شێوەی وێڕایی و لە پێوەندی لەگەڵ ئەوەدا دەبینرێت. ستەمی داگیرکاری لە یەک کاتدا هەم لە بێچمی ئابووری و هەم لە بێچمی ئیدولۆژیکدا دەر دەکەوێت و بابەتی «لە خوارووی مرۆڤەوە» دەبێتە تەوەری سەرەکیی ئەو گوتارانەی سارتەر سەبارەت بە جەنگی ئەلجەزایر دەیاننووسێت. کەواتە، توندوتیژی، بێچمگەلی جیاوازی ستەمکارانە لە خۆ دەگرێت. ئەم فەیلەسووفە لە ڕۆژانی پاش واژۆکردنی قەراردادی ئێڤیان Evian لە ئاپریلی ساڵی 1962دا دیسانەوە باسی ئەم پرسە دەکاتەوە. لە گوتارێکدا لە ژێر ناوی «خەوگەڕەکان» ناڕەزایی و تووڕەییە دانەمرکاوەکەی بەباشی دەبینرێت: «دەبێت بڵێم کە هیچ جێگای ڕەزامەندی نییە: حەوت ساڵی ڕەبەقە فەرانسا وەکوو سەگێکی شێتی لێ هاتوە، کە مەنجەڵێکیان بەستبێت بە کلکیەوە و هەر ڕۆژ پتر لە ڕۆژی پێشووتر لەو دەنگەدەنگەی خۆی دروستی کردوە، دەتۆقێت. ئەمڕۆ لە هیچ کەس شاراوە نییە کە ئێمە گەلێکی هەژارمان برسی و داماو و ڕەشەکوژ کردوە تاکوو چۆک دابدات. ئەم گەلە هێشتا هەر ماوە، بەڵام بە چ بەهایەک.»

بیری «لە خوارووی مرۆڤەوە» لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە بە بڕوای سارتەر، داگیرکراوەکان «لە لایەن سیستمێکی چەوسێنەرەوە لە ئاستی ئاژەڵدا هێڵراونەتەوە» کە هەم لە نکۆڵیکردن لە مافەکان و هەم لە نکۆڵیکردن لە کەلتووردا ڕەنگی داوەتەوە، ئەمەیش بە پێچەوانەی ئەو مافی مرۆڤەوەیە کە فەرانسا بەردەوام درووشمی بۆ دەدات.

یەکێک لە نووسینە بەناوبانگەکانی سارتەر بە شێوەیەکی تایبەت جەخت لە سەر ئەم بابەتانەی «توندوتیژی» و «لە خوارووی مروڤەوە» دەکاتەوە. مەبەستمان ئەو پێشەکییەیە کە لە سێپتەمبەری 1961دا بۆ «نەفرەتلێکراوەکانی زەوی» لە نووسینی فانون دەنووسێت. ئەم دەروونناسە مارتینیکییە چوەتە ناو ڕیزەکانی خەباتی سەربەخۆییخوازانەی ئەلجەزایر و بوەتە ئەندامی حکوومەتی کاتیی کۆماری ئەلجەزایر و یەکێکە لە بەڕێوەبەرانی گۆڤاری ژێر زەمینیی ئەلموجاهید. فانون لە ڕێگای بەرهەمگەلێک وەکوو «پێستی سپی، دەمامکی ڕەش» 1952 و «ساڵی پێنجەمی شۆڕشی ئەلجەزایر»ەوە 1959 دەناسن. یەکترناسینی نەک تەنیا ڕووناکبیرانە، بەڵکوو برایانەی ئەم دوو کەسە دەبێتە هاوڕێیەتی و لە سەر ئەو ڕێبازە دەڕوات کە سارتەر لە سەری دەڕوات.

نەفرەتلێکراوانی زەوی نامیلکەیەکی کورت و پوختە سەبارەت بە خەباتی دژە کولونیالیزمی و جیهانی سێیەمیەوە کە بەوردییەوە ڕێکاری توندوتیژی کە داگیرکەر بۆ چەوساندنەوەی گەلی چەوساوە دای ڕشتوە، شرۆڤە دەکات. سارتەر لە پێشەکییەکەیدا بەبێ هیچ وەستانێک بەرگری لە تێزەکانی فانون دەکات و تەنانەت بە پێ شێواز و سەلیقەی تایبەت بە خۆی داگیریان دەکات. بۆ نموونە سارتەر دەنووسێت: «فەرمان ئاوهایە: دانیشتوانی ناوچە داگیرکراوەکان تا ئاستی مەیموونگەلی گەشەسەندوو بهێننە خوارەوە تاکوو پاساوێک بێت بۆ هەڵسوکەوتی داگیرکەران کە بە چاوی ئاژەڵانی ناو کێڵگەوە سەیری ئەو خەڵکە دەکەن. ئامانجی توندوتیژیی داگیرکەرانە تەنیا ئەوە نییە کە ئەو خەڵکە دیلە ناچار بکات ڕێزیان لێ بگرن، بەڵکوو




هەوڵ دەدەن ئەوانە لە مرۆڤبوون بە تاڵ بکەنەوە. تەنانەت سڵ لەوەیش ناکەنەوە نەریتەکانیان لە ناو بەرن، زمانەکانی ئێمە بکەنە جێنشینی زمانەکانیان و کەلتوورەکەیان لە ناو ببەن بەبێ ئەوەی کەلتوورەکەی خۆمان گواستبێتەوە بۆیان. ئەوان ماندوو و گەمژە دەکەین».

ئەو وشەی «ئاژەڵ» بۆ ئەشکەنجەیش بە کار دەهێنێت. بەپێی قسەکانی سارتەر: بۆ جەلادان «ئەو شتەی زۆر بە پێویستی دەزانن، هەڵبەت ئەگەر هێشتا درەنگ نەکەوتبێتن، سووکایەتیپێکردن بە «قوربانییەکانیان»، وەدەرنانی غروور لە دڵەکانیان و هێنانەخوارەوەی پێگەیان تا ئاستی ئاژەڵە».

یەکەمین گوتاری سارتەر کە بەتەواوی تایبەت کراوە بە ئاشکراکردنی ئەشکەنجە لە ژێر ناوی «ئێوە ناوازەن» لە مانگی مەی 1975دا لە سەردەمی نوێ بڵاو کرایەوە. سەردێڕی ئەو گوتارەی کە لە سەر داوای لۆمۆند نووسرابوو «پلانی ڕووخانی ورە» بوو، بەڵام ڕۆژنامەکە لە هەڵسەنگاندندا گوتی لە ڕادەبەدەر توندە و ئامادە نەبوو چاپی بکات. دوو مانگ بەر لەوە کۆمەڵێک ڕاپۆرت لە لایەن ژمارەیەک کارمەندی تازە دامەزرێندراو و گەنجەوە کە زۆربەیان قەشە و ڕەبەن بوون، چاپ کرابوو. لە ژێر پێش گوتاری بە کۆمەڵی «بەسیجییەکان گەواهی دەدەن»دا، واژۆی کەسایەتیگەلێک وەکوو ژان ماری دومناک Jean-Marie Domenach، پۆل ڕیکۆر Paul Ricoeur و ڕێنێ ڕەیمون RenéRémond دەبینرا. سارتەر ئەم بەرهەمە ڕاڤە دەکات و دژی بەشداریکردن لە تاوانی فەرەنسییەکان و میدیاکان دەوەستێتەوە کە ئامادە نین لە ژێر ناوی مرۆڤدۆستیدا نەبێت یارمەتیی کەسانی تر بدەن، وەکوو



*René Rémond*

پرۆگرامی میدیایی «ئێوە نـاوازەن» لەگەڵ ژان نوئێن Jean Nohainی پزیشکەشکار. سارتەر لەوێدا بە گوڕ و تینەوە ئەشکەنجە و هەروەها هەموو شێوازەکانی ئەشکەنجە کە لە ئەلجەزایردا ئەنجام دەدرێن، ئاشکرا دەکاتەوە کە «خاڵی هاوبەشیان ڕووتکردنەوەی ئەم ڕەشەزامە بوو، ئەنجامدانی بێشەرمانەی ئەشکەنجەی پەتی، تاڵانکردن، دەستدرێژی، چالاکیی ئازاردەرانە دژی خەڵکانی ئاسایی، لەسێدەرادانی ناپێویست، دەست بۆ ئەشکەنجەبردن بۆ وەرگرتنی دانپێدانان یان دەستخستنی زانیاری».

شوبهاندنی نەخۆشیی ڕەشە کە لە قامووسی وشەکانی نەخۆشیدا بوونی هەیە و لە نووسینەکانی سارتەردا زۆر باوە، دوای ساڵێک و جارێکی تر لە کتێبەکانی هێنری ئەلێگ Henri Alleg لە ژێر ناوی «لێپرسینەوە» La Questionدا دیسانەوە بە کار هێنرایەوە. ئەم بەرهەمە لە فێقریەی 1958دا لە لایەن بڵاوگەی مینویی Minuitەوە چاپ کرا و بوو بە پاڵنەرێک بۆ بڵاوکردنەوەی ژمارەیەکی تایبەتی سەردەمی نوێ لە مانگی مارسی هەمان ساڵدا. ئەلێگ لە چالاکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئەلجەزایر و هەر لە ساڵی 1955ەوە تا ئەو کاتەی لە سێپتەمبەری 1955دا داخرا، سەرنووسەری ڕۆژنامەی «ئەلجەزیرەی کۆماریخواز» بوو. دوای ئەوە، ئاندرێ مالڕۆ André Malraux، ڕۆژێ مارتین

دوگار Roger Martin du Gard، فرانسوا موریاک François Mauriac و سارتەر سکاڵایەکی فەرمی بۆ سەرۆککۆمار دەنووسن (ئالبێر کامۆ خۆی لەم کارە بە دوور گرت) 30ی مەی، سارتەر لەگەڵ هاوسەری هانری ئەلێگ، لۆران شوارتز Laurent Schwartz و فرانسوا موریاک لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا کە سەبارەت بە «ڕەچاونەکردنی مافی مرۆڤ لە ئەلجەزایر» ساز کرابوو، بەشداری دەکەن.

بەر لەوە لە شەشی مارسدا، دوای ئەوەی «لێپرسینەوە» بڵاو بووەوە، سارتەر گوتارێکی لە ژێر ناوی «سەرکەوتنێک» لە گۆڤاری ئێکسپرێسدا نووسیی، کە بوو بە هۆی داخرانی ئەو هەفتەنامەیە کە لەو کاتەدا ژان ژاک سێرڤان شرایبێر Jean-Jacques Servan-Schreiber بەڕێوبەری بوو. ئەو دەنووسێت: «دەزانن ئەو پاساوانە چین کە بە زۆری بۆ کردەوەی جەلادەکان دەهێنرێنەوە؟ «هەندێک جار پێویستە کەسێک تووشی کێشە بکەین کاتێک دەبینین بە دانپێدانانی ئەو دەتوانین ژیانی سەد کەس ڕزگار بکەین. چەند پڕوپووچن ئەم قسانە. ئەلێگ تیرۆریست نەبوو، هەر وا کە ئودێن نەبوو. باشترین هۆکار ئەو ناوەیە کە لە تۆمەتەکەیان ناوە «هەڕەشە لە سەر ئاسایشی دەوڵەت و ڕێکخستنەوەی گرووپە هەڵوەشاوەکان». ئایا بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤەکان بوو کە سنگی و موەکانی شەرمگایان سووتاند؟ نا. دەیانویست ناونیشانی ئەو هاوڕێیەی شاردبوویەوە لە زمانی دەر بهێنن. ئەگەر قسەی بکردبا کۆمۆنیستێکی تریان بەند دەکرد؛ هەر ئەمە. دواتر خەڵکێکی زیاتریان بەڕێکەوت قۆڵبەست دەکرد، هەر کەسێک لەخۆڕا شایەنی لێپێچینەوە بوو، زۆربەی ئەشکەنجەدراوەکان قسەیان نەدەکرد، چونکە قسەیەکیان نەبوو بۆ گوتن. ڕووناکبیرەکەمان دیسانەوە شوبهاندنی پەتاکە بە کار دەهێنێتەوە: «لە لایەکی ترەوە نەخۆشیی ڕەشە بڵاو دەبێتەوە و لە دەریاوە تێدەپەڕێت: ئاشکرا بوە کە لە هەندێک لە بەندیخانەکانی سەنتەریش ئەم لێپێچینەوانە دەکرێن».

## دژی بێشەرمیی دەسەڵاتداران

کاتێک ئەلجەزایر بوو بە پرسی سیاسەتی ناوخۆیی فەرانسا، سارتەر شوبهاندنەکەی دەگوازێتەوە بۆ ئەو پەڕی داگیرکاری و لە سێپتەمبەری 1958دا سەبارەت بەو ڕیفراندۆمەی بڕیارە پاش مانگێک بۆ پەسەندکردنی دەستووری کۆماری پێنجەم بەڕێوە بچێت دەنووسێت: «دەنگدەران کۆمەڵێک پێک دێنن کە شێتەڵ ناکرێتەوە. کاتێک پەتای ڕەشە چالاک دەبێتەوە، لە چرکەیەکدا هەموان تووش دەکات.»

لە ١٩٥٥ نووسەری خەڵکی ئانتیل، ئەمێ سێزار لە «گوتارێکدا کە سەبارەت بە کولونیالیزم» بوو کەڵکی لەم وێناسازییە وەرگرتبوو: «سەرەتا دەبێت لێکۆڵینەوەی لە سەر بکەین تێبگەین داگیرکار چۆن کار بۆ ناشارستانیکردنی داگیرکراو دەکات. [...] پاشاگەردانییەکی گشتگیر دەست پێ دەکات، نەخۆشیی ڕەشە جێگیر دەبێت و کانوونێکی ئیلتیهاب دەست دەکات بە بڵاو بوونەوە».

ئەم وێناسازییە بێچمگەلێکی تریشی لە خۆ گرت، وەکوو ئەم پارچەیە لە پێش وتاری نەفەتلێکراوەکانی زەوی کە سارتەر تێیدا بۆ فەرەنسییەکان دەدوێت: «هیچ باش نییە. هاوڵاتییەکانم، ئێوە خۆ دەزانن بە ناوی ئێمەوە چ کارگەلێکی دزێو و ناڕەوایان کردوە. بەڕاستی هیچ باش نییە لە ترسی ئەوەی ناچار بن سەبارەت بە خۆتان داوەری بکەن سەبارەت بە هیچ کەس و تەنانەت سەبارەت بە ویژدانی خۆتان، هیچ شتێک نەڵێن. سەرەتا نەتاندەزانی من بڕواتان پێ دەکەم. پاشان گومانتان کرد و ئێستا دەزانن، بەڵام هێشتا هەر بێدەنگن. هەشت ساڵ بێدەنگی، مایەی شەرمەزارییە

[...] ئەمڕۆ، هەر کە دوو فەرەنسی دەگەنە یەکتر تەرمێک لە نێوانیاندا دەدۆزرێتەوە. تازە ئەو کاتە دەڵێم یەکێک... مردوە، فەرانسا ناوی وڵاتێک بوو، ئاگادار بین کە لە 1961دا نەبووبێتە ناوی نەخۆشییەکی دەروونی».

سارتەر هەر لە یەکەم گوتارەوە کە لە ساڵی 1956دا بڵاوی کردەوە، جەخت لە سەر بێدەنگیی فەرەنسییەکان لە بەرانبەر کارەساتەکان دەکاتەوە، بەو هیوایەی ئەوان ئاگاداری بەرپرسیارییە بە کۆمەڵەکەی خۆیان لە هەمبەر کولونیالیزمدا ببنەوە. زاڵبوونی داگیرکاری دەخاتە ژێر پرسیارەوە و ڕەخنە لەو ئارمانجانە دەگرێت کە فەرانسا شانازییان پێوە دەکات: «سەیری ئەو فڵتەفڵتە: ئازادی، یەکسانی، برایەتی، عیشق، شانازی، نیشتمان، ئیتر چووزانم؟ ئەمانە ڕێگر نەبوون لە بەرانبەر ئەوەی قسەی ڕەگەزپەرەستانە نەکەین، ڕەشی پیس، جوولەکەی پیس...» یان لەوە خراپتر لە ڕیزی فاشیزمدا: «مایەی شەرمەزاریی ئێمەیە، گاڵتە بە یاساکامان دەکات، بە ڕەگەزپەرستییەکانی پیسمان دەکات، گەنجەکامان بەبێ ویستی خۆیان ناچار دەکات لە ڕێگای بڕواکانی نازیسمدا بمرن ئەو بڕوایانەی دە ساڵ پێش ئێستا دژی ئەوانە خەباتمان دەکرد. بۆ ڕزگارکردنی خۆی فاشیزم تا ناو ماڵەکەی خۆی ڕادەکێشێت واتا فەرانسا. ڕۆڵی ئێمە ئەوەیە کە یارمەتیدەری بین بۆ لەناوچوونی. نەک تەنیا لە ئەلجەزایر، بەڵکو لە هەر شوێنێکدا کە بوونی هەیە. تەنیا کارێک کە ئێمە دەتوانین و دەبێت هەوڵی بۆ بدەین، کارێک کە ئەمڕۆ لە هەموو کارێک سەرەکیترە ئەوەیە کە شانبەشانی ئەوان خەبات بکەین، تاکوو هەم ئەلجەزایرییەکان و هەم فەرەنسییەکان لە دەستی داگیرکاری و سەرەڕۆیی ڕزگاریان بێت».

ئەم میتافۆڕە تایبەت نییە بە سارتەر. ئەم بابەتە لە گفتوگۆکانی ئەو بەشەی لە میدیاکانیش کە ئارمانجی سەربەخۆیی ئەلجەزایریان کردوەتە هیی خۆیان دەبینرێت. بۆ نموونە ئێکسپریس و فرانس ئەبسرڤاتور کە کلود بوردێ Claude Bourdet لە ژانویەی 1955دا «گیشتاپۆی ئێوە لە ئەلجەزایردا»ی تێدا چاپ دەکات و هەروەها گۆڤاری ئێسپری Esprit و سارتەر بەتووڕەییەوە دەڵێت: «چما ئێمەیش لەم کارە دزێوانەی کە بە ناوی ئێمەوە دەیکەن بەشدارین، چونکە ئەو هێزەیشمان هەیە ڕێگرییشیان لێ بکەین».

**بەرگەگرتن لە بەرانبەر بیستنی وەها قسەیەك**

چەواشەکاری دەسەڵاتداران سوود لە بەشداریکردنی ئەو میدیایانەی دەبینن کە نایانەوێت خەڵکی فەرانسا بزانن لە ئەلجەزایردا چی ڕوودەدات: «نکۆڵیلێکردن، فێڵ و درۆ ئەرکی سەرشانی سیخوڕەکانی ئەم سەنتەرەیە تاقە خراپەکاری ئەوەیە کە ئارامیی ئێمە تێک بدەن».

کۆمەڵەکە بە شێوەی هێمایەک لە پاشاگەردانی شارستانییەتێک دەر دەکەوێت: «تادار و داهێزراو، سەرقاڵی خەونە دێرینەکانی شکۆمەندی و دڵنیگەرانیی شەرمەزاری، فەرانسا لە نێوان مۆتەکەیەکی لێڵدا دەست و قاچ ڕادەوەشێنێت کە نە دەتوانێت لێی هەڵبێت و نە دەیشتوانێت قوفڵەکەی بکاتەوە. یان هەموو شتێک ڕوون دەبێتەوە یان هەموومان تێدا دەچین»، فەیلەسووفەکە فیعلی کۆتایی بەبێ هیچ ئەیهامێک بە کار هێناوە تاکوو لە بەرانبەر بێشەرمیی بکوژانەی سەرۆکەکان بوەستێتەوە و ئەم قسەیە بخاتە سەر زاریان: «مولێ، بە ناوی کۆمەڵەوە، هەورەگرمەکەی بەرەو لای ئەم فەلاحە لەخۆباییانە هاویشت: لێگەڕێ لە هەژاری و برسیەتیدا بمرن، بەڵکوو خاوەنپشکەکانی سوئێز مافی خۆیان وەر بگرن».



## یەکەمین گوتاری سارتەر کە بەتەواوی تایبەت کراوە بە ئاشکراکردنی ئەشکەنجە لە ژێر ناوی «ئێوە ناوازەن» لە مانگی مەی 1975دا لە سەردەمی نوێ بڵاو کرایەوە

بەڵام نەخۆشییەکە لە سنوورەکانی ڕۆژئاوادا نەماوەتەوە و داگیرکراوەکانیش تووش دەکات. سارتەر لە پێش گوتاری نەفرەتلێکراواندا دەنووسێت: «ناوچەگەرایی نەخۆشییەکی دەروونییە کە داگیرکەر دەیگوازێتەوە بۆ داگیرکراوان، ئینجا بە ڕەزامەندیی خۆیان بڵاوی دەکاتەوە و دەیچەسپێنێت». ئەو «شێتی»یەی ڕۆچووبوە ناو زاتی ڕەفتاری چەپی فەرانسا و «مۆرەکانی کولونیالیزم»ەوە داگیرکراوەکانیش تووش دەکات. بەڵام ئەم جارەیان ئەوان خۆیان ئەوە وەر دەگرن و دەیکەنە هیی خۆیان: «نووسینەکانی فانون بخوێننەوە تێ دەگەن کە لە کاتی لاوازیدا، نەخۆشیی دەروونی دەبێتە بەشێک لە ناخودئاگای بە کۆمەڵی داگیرکراوان». سارتەریش وەکوو فانون کاردانەوەی داگیرکراوان بە ڕاست دەزانێت و بە شێوەیەکی پێچەوانە باس لە مەفرووزاتەکان دەکات: «ئەو بە بایەخێکی ئەرێنییەوە بۆ ئەو «شێتی»یەی دەڕوانێت کە چەوسێنراو بۆ ڕەتکردنەوەی کۆیلایەتی و لەناوبردنی دەسەڵاتی داگیرکاری، دژی چەوسێنەر بە کاری دەهێنێت. ئینجا دەتوانین بگەینە ئەم ئەنجامەی: «ئایا ڕێگاچارەیەک دەدۆزینەوە؟ بەڵێ. توندوتیژیش وەکوو ڕمبەکەی ئاشیل دەتوانێت مەرهەم بخاتە سەر ئەو برینانەی خۆی دروستی کردوون. دواییین کاتی دیالکتیکەکە گەیشتوە: ئێوە ئیدانەی ئەم جەنگە دەکەن بەڵام هێشتا ناوێرن پشتگیریی خۆتان بۆ شەڕڤانانی ئەلجەزایری دەر ببڕن. مەترسن و متمانە بە داگیرکەر و بەکرێگیراوەکانیان بکەن. ئەوان واتان لێ دەکەن هەندێک کاری بەپەلە بکەن. ڕەنگە ئەو کاتە بەناچاری و لە ئاکامدا، ئەم توندوتیژییە نوێیە کە بەرهەمی تاوانە کۆن و دووبارەبوەکانە لە ناو بەرن. بەڵام ئەمە ئیتر چیرۆکێکی ترە. چیرۆکی مرۆڤ. بە متمانەوە دەڵێم خەریکین لە سەردەمێک نزیک دەبینەوە کە لەگەڵ بنیادنەرانیدا یەک دەگرین».

ململانێی سارتەر لە سەردەمی جەنگی ئەلجەزایردا تەنیا «خەباتێکی پێنووسی» نەبوو. ئەم ڕووناکبیرە لە هەموو ئەو بەرانەی ڕووداوەکان ڕوویان دەدا بەرپرسیاریەتیی خۆی نیشان دا. ئەو بەشداریی چەند خۆپیشاندانی کرد کە بۆ ئاشتی لە ئەلجەزایر، ڕێک خرابوون، (بۆ نموونە لە ژوئەنی 1960دا و لە دێسەمبەری 1961دا لە ڕۆما.» ئەو لە خۆپیشاندانی بێدەنگی یەکەمی نوڤەمبەری 1961 دوای کوشتارەکەی 17ی ئەکتۆبەر و لە خۆپیشاندانی 13 فێڤریەی 1962 کە بۆ نارەزاییدەربڕین دژی سەرکوتکارییە خوێناوییەکی وێستگەی مێترۆی

شارۆن ڕێک خرابوو، بەشداریی کرد.

هەروەها لە ڕووداوەکەی سێپتەمبەری 1960دا کە بە «دادگاییکردنی ژانسون» ناوبانگی دەر کرد. سارتەر داوای کردبوو «هەر جۆرێک بە باشی دەزانن کەڵکم لێ وەر بگرن». ئەو بەر لە گەشتەکەی بەرەو ئەمەریکای لاتین «مانیفیست»ی واژۆ کردبوو، هەروەها لەو خەیاڵەدا بوو لەوێش پەرە بە ئارمانجی سەربەخۆییخوازیی ئەلجەزایر بدات.

«سارتەر گوللەباران بکەن» دروشمێک بوو کە تەڤگەری خەباتکارە کۆنەکانی جەنگی جیهانی لە خۆپیشاندانێکدا لە ئۆکتۆبەری 1960دا هاواریان بۆ دەکرد. لە ژووییەی 1961دا و لە ژانویەی 1962دا، لە شوقەکەیدا مینیان چاند. «ئەی ئێستا دڕندەکان ڕۆیشتوون بۆ کوێ؟ بەڕبەرییەت لە کوێیە؟ کەموکەسر نین، تەنانەت دەنگی تەپڵەکەیان دەبیسترێت: لەگەڵ دەنگی کەڕەناکەیاندا زەربیان گرتوە «ئەلجەزایری فەرەنسی» و هەر لەم کاتەیشدا ئەورووپییەکان موسوڵمانەکان بەزیندووی دەسووتێنن».

سارتەر لە پێشەکیی نەفەرەتلێکراوانی زەویدا بە هاوارەوە ئەم ڕستەیە دەڵێتەوە.

چەندە ئاسانتر دەبێت ئەگەر گرینگی بە بابەتە ترسناکەکان نەدەین و تەنیا هەوڵ بدەین بۆ کۆتایی کارەکە کەرەستەی لێک و لەبار و جیهانگیری عەقڵ ساف و لووس بکەین! لە بێدەنگیدا ڕابکشێین و لە وەنەوزی لەش خۆشەویستیدا و لە چاوەڕوانیی ئەوەدا بین بەڵکوو ڕۆح و ڕەوان هەموو شتێک چاک بکەن». ئەمە قسەکانی پاول نیزانی هاوڕێی سەردەمی کۆلێژی پەروەردەی سارتەرە کە لە «سەگە پاسەوانەکان» و لە ساڵی 1932دا نووسراوە.

دەنگی ئەو سارتەرەی «چاکبوونی بۆ نییە» هێشتایش هەر موزاحیمە. بەڵام ئیزنی ئەوەمان پێ دەدات بە شەرمەزارییەکی کەمتەرەوە سەیری ئەم قۆناغەی مێژوو بکەین. ڕووناکبیرێکی بەوەفا بەو تێگەیشتنەی لە پێویستیی بەرپرسیاریەتی هەیەتی، پێنووس و ناوبانگەکەی دەخاتە خزمەتی ئارمانجێک کە بە دروستی دەزانێت. بۆ وئەو هەروەها بۆ ژانسون، ئەم جەنگە بایەخی ئەنجامەکەی هەبوو بەتایبەت کە دەبوە هۆی ئەوەی ئەو شتەی ئەلجەزایرییەکان سەبارەت بە فەرانسا وێنای دەکەن تەنیا دەوڵەتێک نەبێت کە چەتربازەکانی لە بەندیخانەکاندا سەرقاڵی ئەشکەنجەکردنن.

سارتەر لەو بڕوایەدا بوو کە ئاشتیی نێوان فەرانسا و ئەلجەزایر بەو مەرجە سەر دەگرێت کە فەرەنسییەکان ڕووبەڕووی ئەو ڕاستییە مێژووییانە ببنەوە لە پێوەندی لەگەڵ ئەلجەزایردا: «چاک دەزانن کە ئێمە داگیرکەرین. چاک دەزانن کە ئێمە زێڕ و کانزاکان و پاشان نەوتی «کیشوەرە نوێیەکان»مان داگیر کرد و هێنامان بۆ مێترۆپۆلە کۆنەکان. ئەورووپای لێوانلێو لە دەوڵەمەندی، بەڕاستی مرۆڤایەتی پێشکەشی هاووڵاتییەکانی کرد. هەر مرۆڤێک لێرە هاوبەشی تاوانە، چونکە هەموومان سوودمان لە چەوساندنەوەی داگیرکاری بینیوە». مەحاڵە ئەمڕۆیش بتوانین زیاتر لە ساڵی 1962 بەرگەی بیستنی ئەم قسانە بگرین.

**سەرچاوە**

http://ir.mondediplo.com/